# ئازادی بیرورِا... یا سەرلێشێواوی و بوختان ... حەسەن سەیدباقی

هەموو کەس ئازادە لە رِادەربرِین و نووسین، لەوەی کە دەیەوێت بیڵێت یا بیکات، تا ئەوکاتەی ئازادی خەڵکی تر پێشێل نەکات.
ئەمرۆ گەلێ بەناو نووسەر، کە سایتە کوردیەکاننیان، کردوەتە پەناگەی جنێو بوختانەکانیان، وەسایتەکانیان رِەش کردووەتەوە، بە قسە بێسەروبەرەکانیان، بێئاگا لەوەی چ رِۆڵێکیان هەیە لەسەر گۆرِانکاریەکانی سەردەم، بێ گوێدانە ئەوەی کە خزمەت بەکێ و چ لایەك و دەوڵەتێك دەکەن؟!. دێن شەلم کوێرم خەریکی هەڵپاچین و داپاچینن!. خۆیان لێبوەتە سوپەرمان، لەکاتێکدا ناوەرِۆك فشەڵ و هیچ لەبارن!!. بابەتی ئەمرۆشیان گرتن یا رِفاندنی د. کەمالە، هەروەك ئەوەی هەنگوینیان لە کلۆرەداردا بینیبێتەوە، دێن دەنووسن، دەرِێژن چ جای ناسۆر دەربرِین بێت، یا قسەی (هەلەق ومەلەق) بێەسەرو بەر.

ئەوانەی کەسێك یان لایەنێك تاوانبار دەکەن، دەبێت چاوەرِوانی چی بن لە لایەنی بەرامبەریان لەوانەی تۆمەتیباریانکردوون!. من بۆ خودی خۆم لەگەڵ ئازادی رِەهای هەموو تاکێکی کۆمەڵگەدام، وە دژ بە هەموو ناوناتۆرەیەکی هەڵبەسراووم. مرۆڤ بەئازادی لەدایك دەبێت، دەبێت ئازادانەش ژیان بەرێتەسەر.

کاتێك ئەوانەی تۆمەت و بوختان هەڵدەبەستن، دەکرێ و دەبێت بە فاکت بەرگری لەخۆیان و لە تۆمەتەکەیان بکەن. کاتێك شتەکانی د. کەمالم دی و خوێندمەوە، وە بۆ دواجار لە رِۆژ تی ڤی بینیم، وە ووردبومەوە لە گفتارەکانی و بیستم یاساناسە!!، بۆیە من لەگەڵ بەزەیی پێدا هاتنەوەو ئازاد کردنی ئەو یاساناسە دام، کە بێیاسایی پیادە کردووە. بە فیتی کەسانی تر، هەڵیاننا تا بەو رِێگەیەیاندا برد، و گلاندیان، وە ئەمرِۆکەش دەیانەوێت بەنامەکەیان قورِەکە خەستر بکەنەوەو دارەکە لەسەری دکتۆردا بشکێنن (سەیری کوردستان پۆست بکە) . لەوانەیە کەسانێك ئەم دەربرِینەی من بەشێوەیەك لەشێوازەکانی تر لێکبداتەوە. بەڵام من بۆیە وادەڵێم، کاتێك مرۆڤ یاسا ناس بێت، نا بێت بێ مافی و بێ رِێزی بە مرۆڤی تر بکات.

هەروەك ئەوەی کە رِویدا!. لێتان ناشارمەوە، من تووشی سەر سورِمان بووم، کە پێشتر ئەم برادەرە، لە دەربرِین و بەناو نووسینەکانیدا، دژ بە یەکیەتی و رِەفتارەکانی ئەوان و کەسانی سەر بەو لایەنە بوو. بەڵام بەگرتنی جەنابی یاشێخ (زانا) ئەم برادەرە سەدوهەشتا پلە وەرگەرِا، هەڵگەرِایەوە، ئیتر ئەمە پرسیارە، ئایا بۆ؟ تۆ بڵێیت ئەمیش شێخە و خزمچێتی دەکات، یا سەربە تەریقەی ئەو شێخە نە (زانا) بێ دانایەیە؟، یا هەروەك جەنابیان دەفەرموون ئەم کیژێکی میسری رِزگارکردووە سەربە دەزگایەکی دەنگبەری وولاتێکی عەرەبی ئیسلامییە دژ بە ئیسرائیل، چەند پایەکی تریش. .

ئەی ئەم هەموو کەس و لایەنانەی کەباس لە مافی مرۆڤ دەکەن چییان بۆ هەڵەبجەو هەڵەبجەییەکان کردووە، ئاوا بەگەرمی کار بۆ دکتۆر دەکەن، یا ئەم ماستە موویەکی تێدایە؟!.

کاتێك مرۆڤ دەنووسێت دەبێت ئاگای لەهەستی لایەنی بەرامبەری بێت، نەك وەك ئەو کەسانەی کە خەڵکی تر، (من) بە تیرۆریست ناوزەد دەکەن، و دەڵێن (. . نەچەپە. . نە سیاسیە، . . نەکۆمۆنیستە) ، بەڵێ. . . ئەو عالیجەنابە (دەستەی نووسەرانە. . گەورەیە بابە!) سیاسیە بەڵام فاشل، چەپە بەڵام وەرگەڕاو بەلای ڕاستدا، کۆمۆنییستە بەڵام نەتەوەپەرستیەکەی بەلانسی تێکداوە، عالی جەنابیان ئەگەر کۆمۆنیستن بۆ شان بەشانی ئیسلامی توندڕەو لەسەنگەردان، یا لەگەڵ کۆنە پاسۆك و نەتەوەپەرستەکاندا لەیەك سەنگەردایە دژ بە کۆمۆنیستەکان؟، ، یا...، بەڵێ ئەوانە جێگەی بەزەیین، مرۆڤ دەبێت بە سۆزەوە تێیان بڕوانێت، لەبەر ئەوەی دەروونیان نەخۆشە. هەنووکە قسەو باس لەسەر د. کەمالە ئەو کەمالەی بێ منەتانە ڕێگەی کوردستانی گرتە بەرو چ قسەیکیشی هەبوو ووتی (گەواد، خائن، داوێن پیس. . تاد. ) بەوەشەوە نەوەستا لەنووسینێکدا باس لە شەرەف دەکات، کێ لەو نووسەرانەی خۆی بە تێگەیشتوو پێشکەوتوو دەزانێت، ئامادەیە پێی بڵێن خوشکت دووشەو لای من بووە؟. هەروەك بەڕێزیان فەرمویانە دووهەفتە خوشکی ڕووسیتان لامان بووە.

لەگەڵ ئەمانەدا دەڵێم ئازادای بیروڕا پرنسیبی ژیانەو دیموکراتی سیستەم. نەك بەرەڵایی و بێ ڕێزی کردن بەخەڵکی تر. بۆیە لەگەڵ ئازاد کردنی دکتۆردام، با یاسا سەروەر بێت، لێکۆڵینەوەی عادلانەی، ئازادانەی لەگەڵدا بکرێت. بۆ هەموو مرۆڤێك ئەو کەسە چ پلەو پایەیەکی هەبێت، هەر مرۆڤە و (مرۆڤیش گەورەترین سەرمایەی جیهانە) .

ئەڵمانیا 3. 11. 2005